# ڕەهەندە هزریەکان لە پێکهاتەی هونەری پەیکەرسازی سۆمەریدا (توێژینەوەیەکی شیکاری هونەریە)

سامي اسماعيل مصطف* و هيفاء احمد محمد* و مولود ابراهيم حسن**
*بەشی شێوەکاری، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان-عیراق
**بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان-عیراق

*((مێژوویا ورگرتنا ڤەکولینی: 11 شواتێ ، 2023، مێژووی رەزامەندیا: 17 گولانی، 2023))*

## پوختە

**ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕەهەندە هزریەکان لە پێکهاتەی هونەری پەیکەرسازی سۆمەریدا) توێژینەوەیەکی شیکاری هونەریە، مامەڵە لەگەڵ سروشت و قەبارەی ئەو دەستکەوتە کەلتوورییانە و ئەو کارە هونەریانە دەکات کە مرۆڤی میسۆپۆتامیا لە سەردەمی سۆموریەکان ئەنجامیانداوە، بەو شێوازەی کە ڕەنگدانەوەی ڕۆحیی و توانا ئەخلاقیی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییانە لە خۆگرتبێت. ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر چۆنیەتی بیرکردنەوەی مرۆڤی سۆمەری، کە بە یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکان دادەنرێت بۆ پێکهێنانی هونەر لە میسۆپۆتامیا.**

**ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەشی سەرەکی پێکدێت. بەشی یەکەم پێك دێت لە گرفتی توێژینەوە کە دیاریکراوە بە پرسیاری (کاریگەری بیرکردنەوەی مرۆڤی سۆمەری لەسەر هونەری پەیکەرسازی چی بوو؟ ئایا پێکهاتە و تایبەتمەندی هونەری پێکهێناوە؟) و گرنگی وهەروەها ئامانجی توێژینەوە کە پێکهاتووە لە (دەرخستنی ڕەهەندە هزریەکانی مرۆڤی سۆمەری دەربارەی پێکهاتەی هونەری پەیکەرسازی) و سنورەکانی و دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان. بەشی دووەم تایبەتە بە چێوەی تیۆری بە لەخۆگرتنی دوو توێژگە یەکەمیان (خەسڵەتەکانی بیرکردنەوە لە شارستانیەتی میسۆپۆتامیادا) وە دووەمیان (گوتاری هونەری پەیکەرسازی لە شارستانیەتی میسۆپۆتامیا)، پاشان دیاریکردنی ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆریی، بەشی سێیەم تایبەتە ڕێکارەکانی توێژینەوە ومشتەی توێژینەوە بە لە خۆگرتنی 3 نموونە. بەشی چوارەم تایبەتە بە ئەنجامی توێژینەوە.**

***وشە سەرەکیەکان***: هزر، پێکهاتە، هونەری پەیکەرسازی، شارستانیەتی سۆمەری

## بەشی یەکەم
## چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

**(1-1) گرفتی توێژینەوە:-** چالاکی هونەری ڕۆڵێکی ئاکاری و ژیاری لە ڕاستگۆیی گوزارشت کردن لە شارستانیەتی هەر نەتەوەیەک لە نەتەوەکان بە هەموو داب و نەریتەکانیەوە لە هەر کات و شوێنێکدا هەبووە و هەیە، کە لە ڕێگای داهێنانەوە هونەرمەند ئەو کارانەی ئەنجام داوە کە توانیویەتی ئاراستەکانی بیری مرۆڤ بەدەست بێنێت و گوزارشتی بکات، بە شێوازە تێگەیشتنێکی گشتی لە رێگای چەمکە ئەبستراکتەکانی تایبەت بە بیرۆکەی فیکری و ئەو پەیوەندیە ڕۆحیانەی کە بەردەوام لە شێوە گشتیەکەی خۆیاندان. بەرهەمە هونەریە نایابەکانی سۆمەری لە ژێر دەسەلاتی بیروباوەرە فکری و رۆشنبیری کۆمەڵگای میسۆپۆتامیادا بوو، هەموو کارێکی هونەری پشت بەست بوو بەو بیرو بۆچون و هزرەی کە دەبێتە پالپشت بۆ ئەنجامدانی، ئەمەش هۆکارێکە، بۆئەنجامدانی ئەم توێژینەوە، هەروەها بە مەبەستی چارەسەر کردنی گرفتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە دەبێ هەوڵ بدرێت وەڵامی ئەم پرسیارەی خوارەوە بدۆزرێتەوە:-

(کاریگەری بیرکردنەوەی مرۆڤی سۆمەری لەسەر هونەری پەیکەرسازی چی بوو؟ ئایا پێکهاتە و تایبەتمەندی هونەری پێکهێناوە؟ بە جۆرێک چێژی گشتی بەرز بکاتەوە)

**(2-1) گرنگی توێژینەوە:-** هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی شێوازی بیرکردنەوە لە هونەر وشێوازی ئەنجامدانی کاری هونەری و تەکنیکی دروست کردنی پەیکەر لە شارستانیەتی میسۆپۆتامیا، بەتایبەت لە سەردەمی سۆمەریدا.

**(3-1) ئامانجی توێژینەوە:-** (دەرخستنی ڕەهەندە هزریەکانی مرۆڤی سۆمەری دەربارەی پێکهاتەی هونەری پەیکەرسازی)

**(2-1) سنوورەکانی توێژینەوە:-**

**سنووری بابەت**: ڕەهەندە هزریەکان لە پێکهاتەی هونەری پەیکەرسازی سۆمەریدا

**سنووری مێژوویی**: سەردەمی سۆمەریەکان

**(3-1) چەمک و زاراوەکان:-**

- **ڕەهەند (Dimension):** لە زانستە سروشتیەکان بریتیە لەو پەیوەندییەی کە بڕی پێ دیاری کراوە بە پەیوەندی بە بنەڕەتەوە، وەک بەرزی و پانی و قولی (خیاط، ب.د، ص 69-70).ئەو بڕە ڕاستە ڤینەیە کە بە خۆی یان هی تر دیاری دەکات، شێوەی پێوانەکراو وەک (هێڵ ، ڕووکەش، قەبارە)، بۆ نموونە: دووریەکانی جەستە(صليبا، 1977، ص 213). ڕەهەند جیاواز لە نزیکایەتی، کە لە کۆندا کورتترین درێژکراوەی نێوان

دوو شتە، قسەکەرەکان ڕەهەندیان کردووە بە درێژکراوەیەکی ناچاری لە لاشەدا، یان لە خۆیدا شیاو بێت بۆ هەلکردنی لە لایەن لاشەوە (صليبا، 1977، ص 137).

- **پێکهاتە**: لە فەرهەنگی فەلسەفیدا هاتووە: پەیوەندی بەو فۆرمەی کە لە بنەڕەتدا هەیکەلی شتێک و وێنەکەیەتی، دەڵێت پێکهاتەی زەوی، وێنەکەی، و فۆرمەکەی هەر وەک لە یەکچوونە(صليبا، 1977، ص 707).

پێکهاتە واتە کردارێک کە لەڕێگای چالاکیەوە ئەنجام درابێت، بەپێی ئەو کارە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی فۆرمێکی دیاریکراو لە مادەی کارپێکراودا، بۆچوونی هاوبەش ئەوەیە کە کردارەکان تەنها سوود لە بەهێزی مادەکە وەردەگرن، ئەمەش پێی دەوترێت شێوەدانان.( اندريه، 2001، ص323)

**پەیکەرسازی**: لقێکی هونەری بینراوە و هاوکات جۆرە هونەرێکە لەسەر بنەمای دروستکردنی پەیکەری سێ ڕەهەندی بنیات نراوە لە بنەڕەتدا، ئەم هونەرە لەسەر دار و بەرد و کانزا و ماددەکانی تر پراکتیز کراوە، پەیکەرسازی لە شارستانیەتە کۆنەکانەوە ناسراوەو کاری پێراوە. بۆ زیاتر بروانە (عكاشة، 1993، ص33)

## بەشی دووەم
## چێوەی تیۆری توێژینەوە

### (2-1) توێژگەی یەکەم: خەسڵەتەکانی بیرکردنەوە لە شارستانیەتی میسۆپۆتامیادا

هەر هەوڵێک بۆ گەران و لێکۆڵینەوە لە دوای هەر دیاردەیەک لە دیاردەکانی کۆمەڵگا پێویستی بە سەرنجدان و تێڕوانین هەیە لە چۆنیەتی بیرکردنەوەی هەر کۆمەڵگەیەکدا. دەبێت تایبەتمەندیە سروشتیەکانی بیرکردنەوە دەستنیشانێکی ڕوونی بۆ بکرێت. نکۆلی لێناکرێت مەعریفەی کۆمەڵایەتی بەپێی گرووپ و کۆمەڵگا جیاوازەکان دەگۆڕێت، پشت دەبەستێت بە چەند فاکتەرێک کە دیارترینیان فاکتەری زەمەنە ئەویش بە پێی گەشەکردنی ئەزموون و کەڵەکەبوونی شارەزایی دەبێت، جگە لەو کاریگەریانەی کە فاکتەرەکانی شوێن و ژینگە لەسەر تایبەتمەندییەکانی بیر و ڕێبازی گشتی هەڵسوکەوت و چالاکی کۆمەڵایەتی هەیە ( برونسلاو ، 2021، ص70).

لە کۆمەڵگا کۆنەکاندا مرۆڤ پەیوەست بوو بە جۆرە چالاکیەک و کارکردنێکی بە گروپ بۆ بەرێوەبردنی ژیانی ڕۆژانەی (لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان کاری بە کۆمەل بوونی هەیە بە جۆرێک هەست و سۆزی لێ بەدی دەکرا بە هەمان ئەو ڕادەیەی کە هەست و سۆز لە نەریتە ئاینییەکان بوونی هەبوو)( برونسلاو، 2021، ص71) ئەم تایبەتمەندیانە بەشێک بوو لە سیفەتەکانی مرۆڤ لە سەرەتای مێژووی میسۆپۆتامیادا.

ئەو جیهانە عەقڵییەی کە ئێستا تێیدا مامەڵەی لەگەڵ دەکەین لەڕێگای وشەکاندا ئاوێنەی شتەکانی دنیای دەوروبەرمان و کردارەکان و شتەکانی ترن، بەڵام بە شێوەیەکی نمونەیی و ڕەمزی، بۆ مرۆڤی میسۆپۆتامیا جیهانێکی نموونەیی و ڕەمزی نەبوو، بەڵکو بە درێژکراوەی خودی جیهانی دەرەکی دادەنرا، هەر وەکو چۆن شتەکان لە خەون دەبینرێت(يوسف، ١٩٧٨ ، ص115). بۆیە مرۆڤی میسۆپۆتامیا جیاوازی نەدەکرد لە نێوان جیهانی دەرەکی هەست پێکراو و جیهانی ئایدیالیزم، هەردوو جیهانی بە یەک دیاردە سەیر دەکرد و پاساوی بۆ دەهێنایەوەو بە شێوازێک دەریدەخست کە خاوەن هێزێکی سەرووی سروشتی بێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بیرکردنەوەی مرۆڤی سەرەتایی بێ دەسەڵاتیەکی ئەو تێی بەرامبەر بە تێگەیشتنی دیاردە سروشتیەکان هەبووە. سەرچاوەی تێنەگەیشتنی دروستیش بەرامبەر بە دیاردەکان دەگەڕێتەوە بۆ نەزانی و بێئاگایی لە سروشت و سەختی مامەڵەکردن لەگەڵیدا.

یەکێک لە خەسڵەتەکانی بیری مرۆڤی میسۆپۆتامیا کۆدەکرێتەوە لە پشتگوێ خستنی جیاوازی لە نێوان بوونی ڕاستەقینە و مانا هزرییەکەی کە دەریدەبڕی بە شێوازە جۆراو جۆرەکان، بۆیە بیرکردنەوەیان پڕ بوو لە خەیاڵی جۆراو جۆر، ئەو خەیاڵانەی لە ئەنجامی بیر و باوەڕی ئەفسانەیەوە بۆیان دروست بوو.

لە ئەنجامی ئەو خەیاڵکردنە زۆرەوە، مرۆڤ درکی بەو کردووە کە جیهانێک هەیە بەڵام بە هەر پێنج هەستیارەکەی مرۆڤ هەستی پێناکرێت، ئیدی درکپێکردنیشیان جیاواز دەبێت، ئەمە وایکرد بە شێوازێک بوونەوەری سەروی سروشتی بەرجەستە بکرێت لە بیرو هزری مرۆڤەکان و باوەڕی پێبهێنن، تا وای لێهات شتە مادیەکان و کەرستەکان بگەیەنێتە ئاستی ڕۆحانیەت تا ڕادەیەک کاریگەری هەبێت لەسەر هەست سۆزی مرۆڤەکان، هەروەها ئەم خەیاڵکردنە وایکرد داهێنان بکەن، لە ئەنجامدانی چیرۆک و ئەفسانەکان تا ئەو ڕادەیەی بتوانێ ڕۆڵێکی گرنگ ببینێت لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی کێشە و گرفتە سەرسوڕهێنەرەکان، تا وای لێهات لە بیرۆکەی مرۆڤی میسۆپۆتامیا بۆ هەر دیاردەیەک یان هەر ڕووداوێک پاساوێک بهێننەوە بۆ ئەوەی بگەنە وەلامی پرسیارە نادیارەکان، لە بەر ئەوەی سروشتی مرۆڤ هەموو کاتێک حەز و ئارەزووی لە ئاشکراکردنی نهێنییەکانی دەورو بەری هەیە، بەم شێوەیە دەبینین کاتێک هەوڵیان داوە دیاردەکان ڕوون بکەنەوە بۆ نمونە دیاردەی باران بارین و شەو ڕۆژ و سارد و گەرم و لەدایک بون و مردن هتد.... دەبینین چەندین پاساو و خوداوەندیان بۆ هەر دیاردەیەک لە دیاردەکان داناوە لە سەر بنەمای جێگرەوەی وەڵامە نادیارەکان بەدی بهینن، لە بەر ئەوەی خودی مرۆڤ نەیتوانیوە مامەلە لەگەڵ جیهانی نادیار بکات بە شێوەیەکی دروست، پەنای بردۆتە بەر بیرکردنەوەی ئەفسانەیی تا وەک چەترێکی ڕوحی و ماددی بۆ تەواوی پێداویستی و کاروبارەکانی مرۆڤ ڕۆل ببینێت "ئەقلی مرۆڤ چەندین ڕێگە چارەی بۆ کێشە و گیروگرفتەکان خستووەتە ڕوو و ڕۆڵی گەورەی بینیوە لە دابین کردنی ئارامی و ئاسوودەیی بۆ مرۆڤایەتی و نەهامەتی و

ناخۆشییەکی زۆری لە کۆڵکردووەتەوە"(عبدالكريم ، 2015، ل 19) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پشتبەستن بە ئەقل لە ڕێگای بیرکردنەوە ڕێرەوی مرۆڤایەتی دوور دەکاتەوە لە نائومێدی.

گومانی لێناکرێت لە سەردەمانی کۆن تارادەیەکیش لە ئێستادا، یاسا و ڕێسا گەردونییەکان، بابەتێکە ئەقلی مرۆڤ تێیدا لاوازیی و کەموورییەکی سەرسوڕهێنەری لێ بەدی دەکرێت، هەر هەوڵێک درابێت نەگەیشتونەتە زانیارییەکی دروست دەربارەی هۆیە ڕاستەقینەکانی پشت ڕووداوە گەورەکانی مێژوو، تەنانەت هەوڵ وتەقەلای زۆریشیان داوە بۆ بەدەست هێنانی هۆیە ڕاستەقینەکان (لە کاتی دەستەوەستان بوونی تێگەیشتن لە بەرامبەر هەر دیاردەیەک و لە کاتی گیروگرفتەکاندا و لە کاتی ترس و تۆقیندا، دید و بۆچوونی خەڵکی بەرەو ڕێگە چارەیەکی ماماناوەند بە پەسند دەزانن)(عبدالكريم ، 2015، ل 40).

ئەگەر وردبینەوە لە بیرو باوەری مرۆڤی سەردەمانی زوو، بۆمان دەردەکەوێت کە ژن پیرۆزی و پێگەکەی لە نێو کۆمەڵگا تەنها دێرێک نەبوون، بەڵکو هەڵقوڵاوی شارستانییەتێک بوون لە ڕوانگەی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان سەبارەت بە ژیان، مردن، سروشت، پەیوەندییەکان و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان.

## (4-1) تویژگەی دووەم: گوتاری هونەری پەیکەرسازی لە شارستانیەتی میسۆپۆتامیا

ئامانجی ئەم تۆێژگەیە ڕوونکردنەوەی ئەو بیرۆکانەیە کە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی هونەری شێوەکاری لە میسۆپۆتامیا، هەر چەندە تاکو ئێستا مشتومڕێکی زۆر هەیە دەربارەی سەرچاوەکانی هونەر بە گشتی، و پرسی هونەر لە غەریزەوە سەرچاوە دەگرێت یاخود لە نێو مێژوودایە، وە ئایە هونەر دەست پێ دەکات بە ڕوونکردنەوەی جوولەی بیری یەکەمی شارستانیەت کە زاڵ بووە لە سەر داهێنانە یەکەمەکان، بەم شێوەیە نمونە یەکەمەکانی هونەری شێوەکاری لە سەرەتای شارستانیەت گرنگن و پێویستە خوێندنەوەیان بۆ بکرێت.

هونەر بەشێکی گرنگە لە مێژووی هەر نەتەوەیەک، بە شێوەیەکی وردتر بە بەشێکی گرنگە لە مێژووی شارستانیەتەکان، هونەر بە گشتی بوارێکی زۆر فراوان و دەوڵەمەندە هەموو سێکتەرەکانی ژیانی مرۆڤی داگیرکردوە، لە کۆمەڵگا کۆنەکاندا بە شێوە هونەرییەکان ناسنامەی مرۆڤەکانیان دەردەبری و گوزارشتیان لە ژیان و کلتوری خۆیان کردوە، هونەر وەک ئامرازێکی دەربڕین بووە لە بیرو هزری مرۆڤەکان (هونەر بە ئامرازێکی دەربڕینی شتە بابەتییەکانی خودی مرۆڤ دادەنرێت)(ماضي، 2020، ص92) کەواتە دەکرێت بڵێین هەمیشە هونەر وەک چالاکیەکی داهێنەرانەی مرۆڤ بووە بۆ پاکردنەوەی ڕۆح لە گشت سەردەمە کانەکاندا.

بە مەبەستی شیکردنەوە و خوێندنەوەی هونەر و چۆنیەتی شێوازی ئەنجامدانی کاری هونەری لە شارستانیەتی میسۆپۆتامیا، سەرەتا دەبێت خوێندنەوەیەکی وورد بکرێت بۆ چەمکی هزر و فکری کۆمەڵایەتی مرۆڤی ئەو کات. هەروەک ڕوون و ئاشکرایە ڕەهەندە فیکریەکانی مرۆڤی کۆن بەستراوبوونەوە بە ڕووبەڕوو بوونەوەی مرۆڤ بەرامبەر بە دیاریدەکانی سروشت، سەرەڕای ئەو مەبەستە مادییەی کە کاریگەری لەسەر بەرهەمی ئەو کات هەبوو، بەڵام بیری میتافیزیکی گەورەترین کاریگەری هەبوو لەسەر دروستکردنی بەرهەمە فیکرییەکەی کە وای کرد کاری هونەری بە هەموو جۆرەکانیەوە ئەنجام بدرێت.

سەرەتاکانی سەرهەڵدانی شارستانیەت لە هزری مرۆڤی میسۆبۆتامیا جۆرە پێشکەوتنێک و گۆڕانکاریەک ڕوویدا کە کاریگەریەکی زۆری هەبوو لەسەر ژینگەی دەوروبەری، بەتایبەت لە کۆمەڵگە یەکەمە کشتوکاڵییەکاندا، کەوای کرد یەکەم هەنگاو بنێن بۆ بنیادنانی شارستانیەت، ئەوەش بە پێی سروشتی میسۆپۆتامیا کە پشت بەو بارانانەی دەبەست کە بەپێتو بەرهەمی زۆر لە خۆ هەڵدەگرێت. ئەوە وای کرد کە بیر و هزری مرۆڤ بۆ زۆر شت بچێت کە بە شێوازێک لە شێوازەکان کاریگەر بێت لە سەر سروشتی ئەو کات تا وەکو سروشت ببێتە خێرو بەرەکەت بۆی. هونەریش بەستایشکردنی سەرنجراکێشی خۆی دەست پێدەکا.

لە سەردەمی سۆمەریەکان کارە هونەریە پەیکەرەکان بە زۆرینەی لە مەتریالی بەرد دروست کراون، هەر چەندە بەکارهێنانی بەرد کارێکی ئاسان نییە، پێویستی بە ئەزموونێکی زۆرە، هەروەها پێویستی بە کەرستە جۆراو جۆرەکانی هەڵکۆلین هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بەردیان بەکار هێناوە، هەروەها لە کارە هونەریەکان بەدیار دەکەوێت کەوا لەم سەردەمە پێشکەوتنێکی زۆر لە ئارادا بووە، ئەمەش بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەرێتەوە بۆ پاڵنەرە بیرو باوەرە روحیەکان، کە وادەکات هیچ شتێک ڕێگر نەبێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان، هەندێک لەو کارانەی کە تاکوو ئێستا دۆزراونەتەوە ئاسان نییە ناسینەوەیان وەک کەسایەتی، بەڵام بە بیرو بۆ چوونی هەر یەک لە دکتۆر زهير صاحب و دكتۆر حميد نفل (کەوا چەند پەیکەرێکن لە کاتی پەرستنی خواوەند دان، ئەویش بە هۆی خەملاندنی شێوەی راوەستانیان و شێوەی دانانی دەستیان و روخساری دەم وچاویان و درێژی قژ و ریش و شوێنی دۆزینەوەیان، خاوەنەکانیان دایاناوە لە پەرستگاکان وەک جۆرێک لە نزیک بونەوە لە خواوەند) (صاحب و نفل، 2010، ص 64) (وێنە ژمارە 1)

لێرە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە هونەرمەندی سۆمەری لەو سەردەمە توانیویەتی داهێنان بکات و شێوەی مرۆڤ بە تەواوی بەرجەستە بکات لە مەتریاڵی بەرد، بەبێ ئەوەی وردەکاریەکان پشت گوێ بخات، دەبینین تا رادەیەک گرنگیان داوە بە جل و بەرگ، کە لە زۆربەی کارەکان بەر چاو دەکەوێت کەوا کەسایەتیەکان بە تەنورەیەکی کورت و پشتێنەیەکی پان بەدیار دەکەون، ئەنتون مورتکات دەڵێ ئەم پۆشاکە کە لە زۆریەی کارەکان بەدیار دەکەون (پۆشاکی شازادەکانە لە کاتی راوکردن)(مورتكات، ب.ت، ص36) هەر وەک چۆن بە دیار دەکەوێت لە دیمەنێکی سەر رووی یەکێک لە مۆرە لولەییەکانی سەردەمی وەرکا(وێنە ژمارە 2) لە ناوەراستی

ئەم دیمەنە شازادەیەک بە دیار دەکەوێت بەم پۆشاکە و بە ریشێکی درێژ و سەر داپۆشراو بە هەردوو دەستی لقی داری گرتووە، لەگەڵ بەدەرکەوتنی چەند ئاژەڵێک.


(وێنە ژمارە 1)


(وێنە ژمارە 2)

لە شاری وەرکا مۆرێکی لولەیی دۆزرایەوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغەکانی نێوان سەردەمی وەرکا و سەردەمی جەمدەت نەسر، (وێنە ژمارە 3) لە لای ڕاست دیمەنی ژنێک بەدیار دەکەوێت و لە دەستیدا پارچە دارێکی کۆتاییەکەی لە شێوەی بازنەییە، شریتێکی لێ هەڵواسراوە، کە هێمای خوداوەند (ئینانا)یە (P.44, Amiet,1961 ) خواەندی ئاسمان لە شارستانیەتی میسۆپۆتامیا، لە لایەکەیترەوە پیاوێک ڕووبەڕووی دەبێتەوە، کە بە هەردوو دەستی گۆچانێکی سەر خری هەڵگرتووە. بیرۆکەی ئەنجامدانی ئەم کارە لەوانەیە بۆ خواوەند ئینانا بگەڕێتەوە هەر چەندە تاجی شاخداریشی لەسەر نیە، بەڵام هەبوونی هێمای خوداوەند (ئینانا) لەدەستی لەوانەیە نوێنەرایەتی خواوەند بکات پیاوەکەی بەرامبەریشی خواوەند دموزی بێت، وە بوونی دوو دەفرە گەورەکە کە پڕن لە بەرهەم ئاماژەیە بۆ توانا و چاکە و زۆری بەرهەم و هەموو ئەمانەش بە نیعمەتی خوداوەندەکان بەدەست هاتوون(ریا، 1998، ص26).

هونەری پەیکەرسازی لەسەردەمی دەرکەوتنی بنەماڵەکاندا بە شێوەیەکی بەچاو دەرکەوت، هەر چەندە لە سەرەتای دەرکەوتنی بنەماڵەکان ئەو شوێنەوارە هونەریانەی دەستمان کەوتوون لەو ماوەدا زۆر کەمن و تەنها هەندێک مۆری لوولەیین کەنەخشاندێکی هاوشێوەی نەسیجیان هەیە، ڕون و ئاشکاریە هەموو دەستکەوتێکی شارستانیتر بە چەند هەنگاوێک و ماویەکی زۆردا تێپەر بووە، نەخشاندنی ئەو مۆرانە لەسەردەمی بنەماڵەکانی دواتر چەند دیمەنێکی ئەفسانەیی وئاینیی جۆراو جۆریان لەخۆدەگرت. وەهەروەها زۆر گرینگیان بە بیناسازی دەدا، دیارترین نمونەی هەڵکۆڵینی دیاری ئەو سەردەمانە کەپێمان گەیشتبێت ئەو کارە هونەریە بەردینانەن کە لە سەر دیواری پەرستگاکان دادەنران و کە لە چەند دیمەنێکی جۆراوجۆر پێکهاتبوون، کە بریتی بوون لە چەند لایەنێکی ژیانی ڕۆژانە و دیمەنی ئاینیی و ئەفسانەیی، شێوەی هەڵکۆڵینەکەش تا رادەیەک ئەبستراکی بوون، لەکاتێکدا هەندێکی دیکە یان کە ئەوانەی دواتر ئەنجامدران شێوەیان زیاتر واقعیی بوون، وەکوو ئەوەی بە دیار دەکەوێت لە چەند نمونەکی دیواربەندی لە شێوەی شریتی کە دیواری کۆشکەکانی پێ رازایتەوە لە مەتریاڵی عاج یان لە مس یان لە بەرد بە جۆرە تەکنیکێکی هونەری پێشکەوتوو کاری تێکراوە، دیمەنەکان سەربازی بوون زیاتر بە شێوەیەک کە فەرمانڕەوا پێشوازی لە سوپاکان دەکرد.

هەروەها لە نمونەیەکی تر، کە ناسراوە بە مەسەلەی راوکردنی شێرەکان کە لە وەرکا دۆزراوەتەوە، کە بە کۆنترین مەسەلە دادەنرێت لە مێژووی میسۆپۆتامیا، لەسەر ڕووی لایەکی ئەم مەسەلەیە بە دیار دەکەوێت دوو شازادە لە کاتی راوکردنی ئاژەڵی شێردان بە بەکارهێنانی تیر و کەوان (وێنە ژمارە 4). لە پێکهاتەی ئەم دیمەنە جۆرێک لە ململانێ لە نێوان دوو هێز بەدیاردەکەوێ، هێزی مرۆڤ و هێزی ئاژەڵ (زهیر، 2009، ص270).


(وێنە ژمارە 3)


(وێنە ژمارە 4)

جێگای ئاماژەیە ئاژەلی شێر گرنگیەکی زۆری هەیە لە بیرو هزری مرۆڤی میسۆپۆتامیا، بەهۆی ئەوەی هەڵگری هێمای هێز و دەسەڵات و مەرگ بووە، هەروەها وەک پاسەوانێک بۆ خواوەندەکان و پەرستگاکان بەکار هاتووە تاکو بیان پارێزی لە هێزی شەر.

لە نمونەیەکی تری هونەری ئەم سەردەمە (وێنە ژمارە 5) سەری کیژۆڵەیەکە لە مەرمەری سپی قەوارەکەی نزیکە لە قەوارەکی سەری کچێکی ئاساییە، لە پەرستگەی خواوەند (ئینانا) لە شاری وەرکا دۆزراوەتەوە، هەر بۆیە مێژوونووسانی هونەری ناویان ناوە بە سەری کیژۆڵەی

وەركا، ئەندرێ بارۆ دەربارەی ئەم كارە هونەریە دەڵێ سەری كیژۆڵەی وەركا بە یەكێك لەو بەرهەمە بە نرخانەی پەیكەرسازی دادەنرێت و زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین ئێمە لێرە یەكێك لە خاڵە بەرزەكانی بلیمەتی داهێنەرانەی مرۆڤمان بەدەست هێناوە (علي، 2016، ص92).

دەستنیشانكردنی كەسایەتی ئەم پەیكەرە كارێكی ئاسان نیە لەوانەیە مرۆڤێكی ئاسایی بێت یان كچە رەبەنێكی پێگە بەرزبێت، یاخود شاژن بێت، وە لەوانەیە ئەم كارە بەهایەكی ئاینی هەبێت بە بەڵگەی شوێنی دۆزینەوەكەی كە لە پەرستگە بوو، لە پانتایی ئەفسانەدا شوێن رۆڵێكی ئەندێشەكراو دەگێرێت، بۆیە لەوانەیە ڕوخساری خواوەند بێت (ساحیب، 2013، ل52). هەر كام لەمانە بێت یا هەر هیچیان نەبێت، لە مەزەندە زیاتر هیچمان بە دەستەوە نییە، مەزەندەش مرۆڤ ناخاتە سەر باوەری ڕاستەقینە بۆیە تەنها دەتوانین بڵێین ئەمە یەكێكە لە شاكارە بەرزەكانی هونەری میسۆپۆتامیایە.

لە كارێكی هونەری پەیكەرسازی بەردی كلسیدا پیاو و ژنێك لە شێوەی دانشتندان، بەرزی كارەكە دەگاتە (14.5 سم)، پیاوێكە باوەشی لە ژنێكە گرتووە، مێژووەكەی دەگەرێتەوە بۆ (2600پ.ز)، دۆزراوەتەوە لە لە پەرستگای خواوەند (ئینانا) لەشاری نەفر. وەئێستا لە مۆزەخانەی عیراق لە بغداد پارێزراوە(ثروت ، بلا، ص196) (وێنە ژمارە 6) ئەم كارە هونەریە بە یەكێك لە پەیكەرە تایبەتەكانی سۆمەریی دادەنرێت، كە گوزارشت لە هاوسەرگی دوو كەسایەتی دەكات، ئەم پەیكەرە لێكچوویەكی تەواوی هەیە لەگەڵ پەیكەرێكی دیكەی لە شاری (ماری) دۆزرایەوە، مێژووەكەی دەگەرێتەوە بۆ نیوەی یەكەمی هەزترەی سێیەمی پێش زاینی، كە ئێستا لە مۆزەخانەی مۆزەخانەی حەلەب پارێزراوە(اندریە، 1979، ص178) (وێنە ژمارە 7) لە ڕووی برۆكە و ئەنجامدانی شێوە هونەریەكەی، ئەم كارە هونەریانە لە بنەڕەتدا ناوەڕۆكێكی كۆمەڵایەتی سەردەمی خۆی ئاشكرا دەكات، یان گوزارشت لە تێگەیشتنی كۆمەڵگا دەكات لە چۆنیەتی پێكهێنانی خێزان لە ڕێگای پەیوەندی سۆزداری نێوان پیاو و ژن.



(وێنە ژمارە 5)



(وێنە ژمارە 6)



(وێنە ژمارە 7)

لە كارە هونەریەكانی ئەم سەردەمە پەیكەرسازەكان زیاتر گرنگیان بە وردەكاریەكان داوە، بە شێوازێكی واقعیانە وردەكاریەكانی دیاریكردنی روخساری دەموچاوی كەسایەتیەكانیان دەرخستووە، هەروەها شێوازێكی نوێ لە دیزاینكردن و وێنەكردنی جلوبەرگەكان بە دیاركەوت كە ناونراوە بە (كەوناكیس Kaunakes) كە شێوازێكە لە چنینی قوماشی جلوبەگەكان بە شێوەییەک كە لە پێستی ئاژەڵی مەرەكان بچێت، ئەمەش وای كرد گۆرانكاری لە دەركەوتنی شێوەی پەیكەرەكان بەشێوەیەكی بەرچاو ڕووبدات، وەک ئەوەی لە پەیكەری (ئەبییە ئیل Aebia AlL)ی شاری ماری بەدیار دەكەوێت، كە شێوازی پۆشاكی بە دیزاینی كەوناكیس دەركەوتووە، ئەم پەیكەرە بە بەرزی 52.5 سم لە شێوەی دانشتن دایە هەردوو دەستی لە لای سنگی بەیەک گەیشتووە وەک ئەوە وایە لەكاتی پەرستن دایە(سیتون، 1993، ص157-158). (وێنە ژمارە 8)

لە شاری (ماری Marie) پەیكەرێكی بچوكی كەسایەتیەكی گۆرانی بێژی ناسراو بەناوی (ئورنینا) لە شێوەی دانیشتندا دۆزرایەوە، بەرزیەكەی 26سم، مێژووەكەی دەگەرێتەوە بۆ نیوەی یەكەم لە هەزارەی سێیەم، ئیستا لە مۆزەخانەی دیمەشق پارێزراوە(اندریە، 1979، ص176)،(وێنە ژمارە 9) ئەم پەیكەرە بە شێوەیەكی باش ماوەتەوە تەنها دەستەكانی نەماون، پەیكەرساز سەرەوەی جەستەی گۆرانیبێژەكەی بە ڕووتی نیشانداوە، ناوچەی سینگی بە سادەیی دەرخستووە و ئاماژەیەكە كەمی پێداوە بۆ دیاریكردنی لایەنی توێكاریی سینگ، لە كاتێكدا داپۆشینی ناوچەی حەوز تا ئەژنۆ بە جلێكی كۆتاییەكانی رازاوەو نەخشدار، لە وانەیە ئەم جلە تایبەت بێت بە جلی سەماكەرەكان، ئەم پەیكەرە وامان لێدەكات سەرنجمان بۆ ڕۆڵی دیار و بەرچاوی ژنان لە بواری مۆسیقا و گۆرانی و سەمادا لە شارستانیەتی میسۆپۆتامیا ڕابكێشین. كە دەتوانین بڵێین دەورێكی باڵای هەبووە لە سەر ئاستی شارستانیەتی مرۆڤایەتی، وە لە وانەیە درێخیشیان نەكردبێت لە گشت بۆنەكان، ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ژن وەكو پیاو بووە لە گۆرانی وتن و ژەنینی ئامێری مۆسیقاو بۆ بۆنەكانی سەركەوتن لە شەرەكانی جەنگ و بۆنە ئاینیەكان، بۆنەكانی جەژن و بۆنەكانی تر.

جگە لە پەیكەری مرۆڤ چەند پەیكەرێكی ئاژەڵی قەبارە بچووک بە دەستمان گەیشتووە، یەكێک لەو پەیكەرانە كە دروست كراوە لە بەرد لە شێوەی ڕاوەستان، هەردوو دەستی لەلای سنگی بەیەک گەیشتووە بەدیار دەكەوێت كەوا دروست كەری ئەم پەیكەرە (هونەرمەند) لەم كارە هونەریە گرنگیەكی زۆری بە وردەكاریەكانی داوە و هەروەها دەرخستنی ماسولكەكانی (وێنە ژمارە 10)



(وێنە ژمارە 8).



(وێنە ژمارە 9)



(وێنە ژمارە 10)

لە هەندێک کاری هونەری میسۆپۆتامیا بە دیار دەکەوێت کەوا بیر و هزری مرۆڤی ئەو کات بە دیدێکی خەیاڵی و نا مەعقولانە لێکدانەوەیان بۆ شتەکان کردووە، وەک هەوڵدانێک بۆ گەیشتن و ڕوونکردنەوەی ئەو پرسیارە نادیارانەی کە لە بیری مرۆڤی ئەو کات دەخولایەوە، لە میسۆپۆتامیا کاری هونەریان ئەنجامداوە لە ئەنجامی تێکەڵکردنی چەند شێوەیەکی خەیالی تێکەڵ بەو هێمایانەی کە لە هزری مرۆڤ دەخولایەوە دەربارەی ئەو هێزانەی کە هەردەم هەرەشە بووە لەسەر ژیانیان.

هەروەها ئەفسانە جۆراوجۆرەکان بە رادەیەکی زۆر بە دیار دەکەوێت، وەک بابەتی ململانێی نیوان پاڵەوانەکان و ئاژەڵە درندەکان بە مەبەستی پاراستنی ژیانیان. یەکێک لەوانە ململانێی (گیلگامێش Gilgamesh) ی پاڵەوان و (ئەنکیدۆ Enkidu) و ئاژەڵەکانە، کە لە داستانە بەناو بانگەکەی (گیلگامێش Gilgamesh) هاتووە.

وەیەکێک لەو نمونانە نایابانەی مۆری لوولەیی کە دیمەنی چالاکیەکانی شیر دۆشین و شەڕی ئەفسانەیی لەسەر نەخشێنراوە،(وێنە ژمارە 11) مێژووەکەی دەگەرێتەوە نزیکەی 2500 پ.ز، بە پێوانەی درێژی 4.6 سم و تیرەی 2.8 سم، ئێستا لە مۆزەخانەی لۆڤەر لە پاریس لە بەشی شوێنەواری ڕۆژهەڵات پارێزراوە(P. 31 . Thomas .2020) لەم دیمەنانە بە دیار دەکەوێت کە مرۆڤی کۆن توانیویەتی شیر لە گوانی گیاندارە شیردەرەکان دەربکا بە شێوازێکی نەرم و سانایی، هەروەها توانیویانە جۆرێک لە پیرۆزی ببخشنە ئەو چالاکیانە و بەکاری بهێنن لە ریورەسمە ئاینیەکان وەک سوپاس گوزاریەک بۆ خواوەند بەرامبەر ئەم بەرهەمە ئاژەڵیانەی کە بە مرۆڤایەتیان بەخشیوە. ئەم جۆرە گوزرشتە بەرامبەر بە خێرو بەرکەتی بەرهەمە ئاژەڵیەکان و ئەم جۆرە بیروباوەرانە کە لە هزری مرۆڤی میسۆپۆتامیا بوونی هەبووە، وای کردووە کە ژمارەیەکی بێ سنور کاری هونەری بێتە ئەنجامدان لە گشت قۆناغەکان بەبێ ئەوەی ئەنجامدەر بزانێت ئەمە کاری هونەریە و خزمەت بە هونەر دەکات.



(وێنە ژمارە 11)

سۆمەریەکان بەشێوەیەکی گشتی ئارەزووی نزیک بونەوەیان هەبوو لە خواوەندەکانیان و خێر و خێراتیان پێشکەش دەکردن، بۆ بە دەستهێنانی جۆرێک لە رەزامەندی خواوەندەکان، ئەمە وای کرد جۆرەها پەیکەری بازنەیی لە هەموو قەبارەیەک دروست بکرێت لە ناو پەرستگاکان دابنرێت، لە نزیک پەیکەری خواوەندەکان، وەک قوربانیەک بۆ بەدەست هێنانی جۆرێک لە ئاسودەیی دەرونیان لە ژیاندا، ئەم بیرو باوەرە بە هەموو شێوازێک خزمەتێکی زۆری هونەری کرد بە شێوەیەکی گشتی، وە ئەمەش وای کرد کە ئێمە ببینە خاوەن چەندین پەیکەری مێژووی جوراو جۆر.

## ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆریی

1. لە کۆمەڵگا کۆنەکاندا مرۆڤ پەیوەست بوو بە جۆرە چالاکیەک و کارکردنێکی بە گروپ بۆ بەرێوەبردنی ژیانی رۆژانەی
2. ئەو جیهانە عەقڵییەی کە ئێستا تێیدا مامەڵەی لەگەڵ دەکەین لەرێگای وشەکاندا، ئاوێنەی شتەکانی دنیای دەوروبەرمانن.
3. گومانی لێناکرێت لە سەردەمانی کۆن تارادەیەکیش لە ئێستادا، یاسا و ڕێسا گەردونییەکان، بابەتێکە ئەقلی مرۆڤ تێیدا لاوازیی و کەموورییەکی سەرسوڕهێنەری لێ بەدی دەکرێت.
4. بە شێوەیەکی گشتی هونەر بەشێکی گرنگە لە مێژووی شارستانیەتی نەتەوەکان.

**5.** مرۆڤ بەدوای جیهانێکدا دەگەڕێت کە جوان و نزیکتر بێت لە مەنتق و عەقڵ.

**6.** کاریگەری ژینگەی میسۆپۆتامیا دەورێکی باڵای هەبوو لە سەر پێکهاتەی بیرۆکەی مرۆڤی ئەو کات.

**7.** هێما شوێنێکی گرنگی داپۆشیوە لە بیرو هزر و لە ئایین بە درێژایی سەردەمەکان.

**8.** لە بیرو باوەری مرۆڤی میسۆپۆتامیا خواوەندەکان لە ئاسمان دەژیان هەرکاتێک ئارەزویان لێبوایە دەهاتنە سەر زەوی بە شێوەیەکی کاتی لە ناو پەرستگاکان دەژیان

**9.** لە سەردەمی سۆمەریەکان کارە هونەریە پەیکەرەکان بە زۆرینەی لە مەتریاڵی گڵ دروست کراون

**10.**ئاژەلی شێر گرنگیەکی زۆری هەیە لە بیرو هزری مرۆڤی میسۆپۆتامی

## بەشی سێیەم

## ڕێکارەکانی توێژینەوە

**1 /کۆمەڵگەی توێژینەوە:** کۆمەڵگەی توێژینەوە بە گشتی ئەو کارەهونەریانە دەگرێتەوە، کە لە شوێنەوارەکانی ولاتی نێوان دوو ڕووبارەکە دۆزراونەتەوە، کە ئێستادا لە مۆزەخانەکان پارێزراون، وەیان لە کتێب و گۆڤارەکانی شوێنەواری تایبەت بە شوێنەواریەکان ئاماژەیان پێکراوە.

**2/ مشتەکانی توێژینەوە:** توێژەرە نمونەی کارە هونەریەکانی شارستانیەتی سۆمەری وەک موشتە هەڵبژاردووە، وە لەبەر زۆری کارە هونەریەکان ئەم شارستانیەتە ناتوانرێت هەموو کارەکانی ئەو ماوەیە ڕوومالّ بکرێت. بۆیە توێژەر چەند مشتێکی لە پەیکەری دوو رەهەندی و سێ رەهەندی لەناو کۆمەڵەی کۆمەڵگای توێژینەوە هەڵبژێردراوە، کە ژمارەیان (3) مشتەیە.

**3/ رێبازی توێژینەوە:** توێژەر لە شێوازی خستنەڕووی مشتەی توێژینەوە، مامەڵەی لەگەڵ فۆرم و ناوەڕۆکی کارە هونەریەکان کردووە، بەپێی میتۆدی شیکردنەوەی وەسفی کە دەگونجێت لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکەمان.



**مشتەی ژمارە (1)**

**ناونیشان: پەیکەری** پیاوێک

**کەرەستە:** بەرد

**قەبارە:** (72 ×25×20) سم

**مێژوو:** نیوەی یەکەمی هەزارەی سێیەمی پێش زاینی

**شوێنی ئێستا:** مۆزەخانەی زانکۆی شیکاغۆ

پەیکەرێکی لە بەرد بە سێ دووری بە شێوەی بەرجەستە لە سەر بنکەیەکی بازنەیی دروستکراوە، ئەم پەیکەرە شێوەی پیاوێکی قژ لولی ریشداری باڵا بەرزە، چاوەکانی بە شێوەیەک کراوەتەوە وەک ئەوەی شتێکی سەیر وسەرسوڕمانی بینیبێت، وا تێبینی دەکرێت کە لە کاتی نوێژکردن یان لە کاتی پەرستنی خوداوەند دابێت، بە شێوەیەکی ڕێک وەستاوە بە هەردوو دەستی لە لای سنگدا کوپێکی هەڵ گرتووە، جلێکی تایبەتی پۆشیوە لە لای ئەژنۆی نەخشێنراوە بە شێوەیەکی خەت خەتی پەر پەر، لە ناو کەمەریەوە پشتێنەی بەستووە، هەردوو پێی بە شێوەیەکی ئەستوور دیار دەکەوێت، قژو ریشی بە شێوەیەکی درێژ و لول لول ئەنجامدراوە.

ئەم پەیکەرە لە نێو دوازدە پەیکەری قەبارە جیاواز لە پەرستگاییەکی گردی ئەسمەر دۆزراوەتەوە لە لایەن زانای شوێنەوارناس (هنری فرانکفورت) ئەم شوێنەوارناسە پێی وایە ئەمە پەیکەری خواوەندێکە، لەگەل ئەوەشدا دەلێن ئەوە پەیکەری پادشا (ئەشوناک Ashunak)ە، کە لەگەڵ پەیکەرەکانی تر نوێنەرایەتی خەڵک دەکەن لە دوعایەکی پاڕانەوە بۆ خوداوەند (کی) بۆ ئەوەی زەوی بەپیت بێت (ثروت ، بلا، ص169).

بیرۆکەی ئەنجامدانی ئەم پەیکەرە لەوانەیە بە مەبەستی بەشداری یان سەرپەرشتی یان نوێنەرایەتی بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی دروست کرابێت، بەڵام بۆنەیەک

هەبێت لە نێو بیروباوەری مرۆڤی ئەو کات، هەروەها وا لە مرۆڤەکان بکات بەدلنیاییەوە باوەر بە شتە نە بینراوە کاریگەرەکان بێنن. بۆیە ئەم بەرهەمە باشتر دەناسرێت کاتێک خوێندنەوەی بۆ دابونەریتی کۆمەڵایەتی و بیروباوەری ئاینی سۆمەری دەکرێت، جێگای ئاماژەیە بیروباوەرە ئەفسانەییەکان لە ماوە یەکەمەکانی شارستانیەتی میسۆپۆتامیا وا زاڵ بوو بە سەر هزری مرۆڤەکان کە خواوەندەکان مرۆڤیان بۆ خزمەتی خۆیان دروست کردووە و هەموو خێر و بەرەکەت و دیاردە سروشتیەکان لە ژێر خواستی خواوەندەکان دایە، بۆیە دەبێت بە هەموو شێوەیەک خواوەندەکان رازی بکرێن لە لایەن مرۆڤەوە، بۆ ئەوەی خواوەند رازی بکرێت دەبێت پەویوەندیکی پیرۆز دروست بکرێت لە نێوانیان بۆ ئەوەی خواستی خواوەندەکان بێتە ئارایەوە، مرۆڤیش کاری پیویست و نزاو پارانەوەی بەردەوام لە خواوەندەکان بکات، بەم شێوەیە مرۆڤەکان لە ڕوانگەی ئایدیالیزمەوە متمانەی رەهایان بە کاهینەکان هەبوو لە بەر ئەوەی ڕۆڵی نێوەندی دەبینی لە نێوان خودی مرۆڤەکان وخواوەندەکان، چونکە هەر کاهینەکان دەیان توانی خواوەندەکان لە مرۆڤەکان رازی بکات و مرۆڤەکان دوور بخات لە تورەیی و سزای خواوەندەکان. هەر کاهینەکانیش نوێنەری خواوەندەکانن لە سەر زەوی کە دەتوانن ڕۆلێکی گرنگ ببینن لە کاروباری ئاینین.

لەم دیدگایەوە ئەگەری زۆر هەیە ئەم پەیکەرانە لە سەر داوای کاهینەکان ئەنجامدرابێت بۆ ئەوەی لە بری مرۆڤەکان کاری پەرستن ئەنجام بدەن بە درێژایی کات، کە گرنگیەکی زۆری هەبووبێت لە بیروباوەڕی مرۆڤی میسۆپۆتامیا بەگشتی و کۆمەڵگەی سۆمەری بەتایبەتی، هەروەها گومانی تێدانیە ئەم جۆرە بۆنانە ڕێوڕەسمێکی تایبەتیان بۆ ئەنجامدەدرا، ئەمەش بە ڕوونی لە شێوەی گشتی ئەم پەیکەرە تێبینی دەکرێت، بەتایبەت لە شێوەی راوەستان و گرتنی کوپێک بە هەردوو دەستی لە لای سنگدا کە لەوانەیە شلەیەکی پیرۆزی تێدابێ کە لەم جۆرە ڕێوڕەسمانە بخورێتەوە، وەیان داب و نەریتیان وابوو کە خوداوەندەکان ئاوی پیرۆزیان پێ بدەن، بەم شێوەیە خێر و نیعمەتیان پێدەبەخشێت، هەروەها گوتاری نیگای چاوە گەورەکانی وانیشان دەدات کە تێروانینی جیهانێکی نادیاردەکات، ئەمە پشتڕاست دەکرێتەوە لە ڕێگای تێروانینی شێوەی زاڵبوونی بەشێکی جەستەی بەسەر بەشەکانی دیکەدا، جا بە شێوەی زیادەڕەوی یان کەمکردنەوە بێت، کە کاریگەری لە بینینی هەندێک لە بەشەکان لاواز دەکات وە هەندێکیش چالاک و کاریگەر دەردەکەوێت لە لای بینەر.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت هونەرمەند بۆ نیشاندانی ئەو هێزە کاریگەرانەی کە لە ڕێگای نمایشکردنی شێوەی گشتی ئەم کارەهونەریەدا بەرجەستەی کردووە وەک ئامرازێکی دەربڕین، تاکو زۆرترین کاریگەری ئەفسانەیی

ئەمە لە کاتێکدایە ئەگەر بێتو ئەم پەیکەرانە خواوەند نەبن هەر وەک فراتکفۆرت ئاماژەی پێکردووە کە خواوەندن.

لە لای پێشەوەی بنکەی ئەم پەیکەرە دیمەنێکی ئەفسانەیی نەخشێنراوە کە پێکهاتووە لە دیمەنی باڵندەیەک باڵەکانی کراوەتەوە لە نێوان دوو ئاژەڵی جۆری ئاسک لە شێوەی دانیشتندا و هەریەکەیان ڕووەکێکیان لەبەردەمدا هەیە. ئەم دیمەنە ئەفسانەییە گرنگیەکی زۆری هەیە لە بیرۆکەی مرۆڤی میسۆپۆتامیا بە بەڵگەی ئەوەی لە چەند نمونەی هونەری تر هەمان دیمەن بەدیار دەکەوێت

بە هەر شێوەیەک بێت دەتوانین ئاماژە بوە بکەین کە هونەرمەند توانیویەتی پەیکەرێک لەناوەڕۆکی ئایینی بە چەمکێکی تایبەت بە پەرستن بۆ قۆناغێکی دیاریکراو دروست بکات، ئەمەش ئاسان نیە لە بەر ئەوەی ئەم کارانە لە دەرئەنجامی جۆرە میکانیزمێکی کارکردنی عەقڵ ڕوودەدات وە بەجۆرێک لە جۆرەکان گرنگیدانە بە کردارەکانی دەوروبەرەوە، بە مەبەستی ئارامکردنەوەی دەڕونی مرۆڤەکان لە لایەنی روحیەوە.

ڕەهەندە هزریەکانی کاریگەر لەسەر ئەم پەیکەرە دەگەریتەوە بۆ فاکتەرە پالنەرەکانی ئەفسانەی ئەو کات کە زاڵ بووە بە سەر بیرو فکری تاکی کۆمەڵگا، لەسەر ئەم بنەمایە لایەنی دەربڕین پەیوەست بووە بە خزمەتکردنی بیری ئەفسانە باوەکانی ئەو کاتی سومەریەکان، کە وای لە مرۆڤەکان دەکرد بە هەموو شێوەیەک ملکەچیبن، بەم شێوەیە گوتاری ئاراستەکراو بە شێوەیەک بوو کە دەبوایە ڕەزامەندی خوداوەندەکان لە رێورەسمەکان بە دەست بێنێت، دەبوایە ئەم بیرۆکانە لە رێگای شتێکەوە گوزارشت بکرێت، خۆش بەختانە لە رێگای کاری هونەری بە

تایبەت پەیکەرسازی گوزارشت کراوە، جا ئەم پەیکەرانە مرۆڤ لەکاتی پەرستن بێت یان خواوەند بێت یان کاهن بێت، یان لە هەر شێوەیەکی تر بێت گرنگ ئەوەیە توانیویانە لەم رێگایەوە گۆزارشت لە شتە نەبینراوەکان بکەن و بیکەنە شتێکی هەست پێکراوی مانا هەڵگری کاریگەر. بەم شێوەیە هونەر بووە بە ئامرازی دەربرینی چەمکە ئەفسانییەکان و خزمەتکردنی لە هەمان کاتدا، هەروەها لە ئەنجامدا ئەم چەمکە ئەفسانەییانە خزمەتێکی زۆری هونەریشیان بەجێ گەیاندوە، وای کردووە ببینە خاوەن ژمارەیەکی زۆری پەیکەری هونەری نایاب.



**مشتەی ژمارە (2)**

ناونیشان: هەڵۆی سەر شێر
کەرەستە: کانزا - مس
قەبارە: 107 × 238 سم
مێژوو:2500 پێش زایین
شوێنی ئێستا: مۆزەخانەی بەریتان

ئەم کارە هونەریە لە سەرەوەی دەرگای چوونە ژوورەوەی لای پێشەوەی پەرستگایەکی ئور پێ ڕازاوەتەوە، کە پێکهاتووە لە شێوەی لاکێشە بە درێژی 238 سم، لە مەتریالی کانزای مس، ئەوەی بەرچاو دەکەوێت دیمەنی بونەوەرێکی ئەفسانەیی سەیر شێوەی جەستەی باڵندەی (هەڵۆ)یە وسەریشی لە سەری ئاژەڵی (شێر) پێکهاتووە، لەهەمان کاتدا سەری لە چوارچێوەی کارە هونەریەکە هاتۆتە دەرەوە، هەردوو باڵەکانی بەشێوەیەک کراوەتەوە کە وەک ئەوە وایە ئامادەیە بۆ فرین، پێیەکانی خستۆتە سەر پشتی دوو ئاژەڵی جۆری ئاسکی شاخدار، کە بە پێچەوانەی یەکتر وەستاوون و هەریەکەیان وەک ئەوەوایە بەرەو لایەکی کارەهونەریەکە دەڕات، بەڵام ئاراستەی سەری هەردووکیان سەیری بینەر دەکات.

ئەم کارە هونەریە بە چوارچێوەیەکی نیمچە ئەستووری گونجاو دەور دراوە، هەر سێ یەکەکانی(هەڵۆی سەر شێر- هەر دوو ئاسک) بە شێوازی پەیکەری هەڵتۆقیو ئەنجامدراون، جگە لە سەریان کە بە شێوازێکی نزیکتر لە پەیکەری بازنەیی ئەنجامدراون. لە ڕووی دارشتنەوە هەڵۆی سەر شێر ناوەراستی کارەهونەریەکەی داگیر کردووە، ئەمەش بە مەبەست کراوە لەلایەن هونەرمەند تاکو سیادەی کارە هونەریەکەی وەربگرێت، دەموچاوی شێری ئەم بونەوەرە ئەفسانەییە بە شێوەیەکی واقیعی نەخشێنراوە نیوەی لای خوارەوەی لەسەر چوارچێوەی کارە هونەریەکەیە و نیوەی لای سەرەوەشی لە چوارچێوەی کارە هونەریەکە چویتە دەرەوە، پەیکەرساز زۆر بە وردی پەڕەکانی جەستەی باڵندە ئەفسانەیەکەی نەخشاندووە لە ڕێگەی ئەو تەکنیکەی کە لەسەر جەستەی بەکاری هێناوە، هەروەها باڵەکانی بە چەپ و ڕاست بڵاو بونەتەوە تا دەگەنە لای سەری ئاسکەکانی هەردوو لای کارە هونەریەکە.

ئەگەر بمانەوێت ڕەهەندی دەرکەوتەی ئەو بونەوەرە ئەفسانەییە ڕوون بکەینەوە، دەبێت بگەرێینەوە سەردەمی ئەنجامدانی ئەو کارە هونەریە پاشان لە چۆنیەتی بیرکردنەوەیان بگەین، گومانی تێدانیە مرۆڤی میسۆپۆتامیا هەمیشە لە هەوڵدابوو ڕێگایەک بدۆزێتەوە بۆ واڵاکردنی بیر و ئەندێشەکانی، گەراوە بە دوای دەرخستنی نهێنیەکان، گەراوە بە دوای ئازادی، گەراوە بەدوای هێز، بۆ بەدەست هێنانی سەربەستی، هونەرمەندیش بۆ بەرجەستە کردنی بیرۆکەکان و دەربرین لەناخی خۆی و گوزارشت کردن لە ئەندێشەکان، چەند کارێکی ئەنجامداوە کە دووربێت لە شتە بینراوەکان و لە شتە هەست پێکراوەکان، تاکو بتوانی جۆرە دەربڕینێک بکات نزیک بێت لە هێزەکانی سەرووی سروشت. ئەم کارەش یەکێکە لە کارە هونەرەکانی هونەرمەندی سۆمەری، کە تیایدا سەرکەوتوو بووە لە گوزارشت کردن لە بیر و بۆچوونەکانی مرۆڤی ئەو کات بەرامبەر بە هێزە نادیارەکان.

لێرەوە بیرۆکەی تێکەلکردنی باڵندەی هەڵۆ لەگەڵ ئاژەڵی شێر دەگەرێتە بۆ گرنگی تایبەت مەندیەکانیان، تا

وەکوو تایبەتمەندی هەردووکیان یەک بگرن و بونەوەرێک بێتە ئارایەوە لە هێز توانای لە سەروی هەمووان بێت، بۆیە ئەم بونەوەرە لە بەرهەمە هونەرییە سۆمەرییەکاندا زۆر دوبارە بویتەوە، کە هەندێک جار ناسراوە بە (ئیمدوگود Imdugud – سکورو Scuro) وە لە هەندێک جاریش بە هێمای خواوەند (ننکرسو Nncrso) هاتووە، وە لە هەندیک جاریش پەیوەندی بە باران بارینەوە هەیە لە شێوەی باڵندەیەکی زەبەلاح بە ناوی (ئیمدوگود Imdugud) بووە، ئەو باڵندەیەی لە گای ئاسمانەوە ئیلهامی وەرگرتووە، وە لە هەندێک جاریش وەک هێمایەک ئاماژە بە بیرۆکەی مەرگ و مردن دەکات لە نێو بیرۆکەی مرۆڤی میسۆپۆتامیا مانا و تێبینییە ووردەکان بۆمان ئاشکرا دەکەن کە دیمەنانە گونجاوە بە شێوەیەکی پێویست بۆ دەربرین و گوزارشت کردن لە هێز و تایبەتمەندیەکانی بونەوەرە سەرو سروشتیەکان.

پەیکەرسازی سۆمەری بە شێوەیەکی داهێنەرانە فەزای کارە هونەریەکەی پرکردۆتەوە، کە تێیدا سەرکەوتوو بووە لە بەدەست هێنانی هاوسەنگیەکی تەواو، تەنانەت ئەگەر هاوسەنگییەکی یەکسانیش بووبێت، چونکە ئەگەر جەستەی هەڵۆ بکرێتە دوو بەش، بۆمان دەردەکەوێت کە هەر بەشێک هاوتایە لەگەڵ ئەوی دیکە، هەروەها دوو ئاسکەکە کە هەریەکەیان هاوتای ئەوی دیکەیە، هەروەها هاوسەنگیی لە شاخەکانی هەر دوو ئاسکەکە بەدەست هاتووە، کە لەگەڵ نیوەی سەری بونەوەرە ئەفسانییەکە لە سنووری چوارچێوەکەوە هاتوتە دەرەوە، ئەمە بە جۆرێک لە جۆرەکان لادانە لە کاری هونەری ئاسایی، بەڵام ئەم لادانە لایەنی جوانی کارەهونەریەکەی زیاد کردووە .

بە شێوەیەکی گشتی پەیکەرسازی سۆمەری لەم کارە هونەریە توانیویەتی گرنگی بە توخمەکانی پێکهاتن بدات بۆ بەدەستهێنانی بەرهەمێکی سەرنجڕاکێش و سەرکەوتوو، کە پڕبێت لە بەهای بەرزی جوانیناسی. بەو پێیەی توانیویەتی ئەو یەکگرتووەی لە نێو یەکەکانی ئەم بابەتە بە شێوەیەکی ڕەمزی بەکاربهێنێ، بۆ ئەوەی بونەوەرێکی کاریگەر لە پێکهاتەی ئەو کارە هونەریەدا بە دەورێکی باڵا بەدەست بێنێت و بخاتە بەردەم بینەر.



**مشتەی ژمارە (3)**

**ناونیشان:** پەیکەری دودو
**کەرەستە:** بەرد
**قەبارە:** (29 × 15×17) سم
**مێژوو:** 2400 پێش زایین
**شوێنی ئێستا:** مۆزەخانەی عیراقی.

ئەم کارە هونەریە پێکهاتووە لە پەیکەری پیاوێک کە لە شێوەی دانشتن دایە لە سەر کورسییەکی شێوە ئەندازەیی ڕێک، هەر دوو دەستی لە لای سنگی بەیەک گەیشتووە، لە لای خوارەوەی سنگی تا سەر پێیەکانی بە پۆشاکێکی پەرپەری تایبەت داپۆشراوە، بەڵام لای سەرەوەی جەستەی بە ڕووتی ماوەتەوە، ئەم کەسایەتیە زۆر بەجوانی قژ و ڕیشی تاشراوە، لەو کەسانە دەچێت کە گرنگییان بە روخساری خۆیان دەدەن بە هۆی شێون و مەکانەیاندا، بۆیە پێدەچێت کەسایەتیەکی گرنگی کۆمەلایەتی سەردەمی خۆی بێت.

بە پێی ئەوەی لە سەرچاوەکان هاتووە کەسایەتی ئەم پەیکەر دەگەرێتەوە بۆ نوسەری بەناوبانگ (دودو Dudu) کە سەردەمی دەگەرێتەوە بۆ قۆناغێکی گواستنەوە لە سەردەمی میسلم بۆ سەردەمی یەکەمین شانشینی ئور، ئەگەری زۆر هەیە ئەم پەیکەرە بنەچەکەی بگەرێتەوە بۆ لەگش(انطون، 1975، ص132). تێبینی دەکرێت کە پەیکەرساز گرنگی بە وردەکاریەکانی لای سەرەوەی

جەستەی داوە بە شێوەیەکی جوان دەریخستووە، دەموچاویشی تا رادەیەک خەندەی پێوە دیارە، پێیەکانی بە ڕێکی لە بن پۆشاکەکە بەدیار دەکەوێت.

ئەم پەیکەرە وامان لێدەکات سەرنجمان بۆ ڕۆڵی دیار و بەرچاوی ئەو کەسایەتیە لە شارستانیەتی میسۆپۆتامیا بچێت، لە بەر ئەوەی کەسایەتیەی لەم پەیکەرە بەرجەستەکراوە، یەکێک بووە لە ئەو کەسانەی کە گرنگیان بە بواری نووسین و خوێندنەوە داوە، کەواتە پیشەکەی نووسەر بووە، وەکو ئەوەی لە سەرچاوەکان هاتووە، لەکاتێکدا پیشەی نووسەر لە شارستانیەتی میسۆپۆتامیا خۆی دەسەپێنێت لە ڕێگای سروشتی کارەکەی کە جۆرە خزمەت کردنێکی بەرچاوی پێشکەشی کۆمەڵگاکەی کردووە، کە پەیوەندی بە لایەنی کارگێڕیی و ڕێکخستنی بوارەکانی ژیان هەبووە، هەروەها گرنگی دانە بە خوێندنەوەو نووسینەوەی هێما مێخەکیەکان، کە هەر ئەویشە زمانی لێدێتە کایەوە، وەکوو زمانی سۆمەریەکان و ئەکەدیەکان.

بۆیە لەکاتی بیرکردنەوە لە دروستکردنی هەر پەیکەرێک بەمەبەستی کاریگەری دەرونی لە سەر بینەر هەبێت، ئەوا دەبێت بیر لەو کەسایەتیانە بکرێتەوە بۆ بەرجەستەکردنیان کە کاریگەریان هەبووە لە نێو کۆمەڵگا، بۆئەوەی کاریگەر بێت لە ڕووی گەیاندنی پەیامە مەبەستدارەکان، بۆیە هەڵبژاردنی کەسەکان گرنگی خۆی هەبووە، هەر بە هۆیانەشەوە ئەم کەسایەتیە دیاریکراوە بۆ بەرجەستنکردنی.

ڕەهەندە هزریەکانی کاریگەر لەسەر ئەم پەیکەرە دەگەرێتەوە بۆ چۆنیەتی بیرکردنەوەی ئەفسانەیی لە لایەن مرۆڤی میسۆپۆتامیا، لەبەر ئەوەی شێوەی دانشتن و گرتنی هەردوو دەستەکانی لە لای سنگ و پۆشاکە تایبەتەکەی تایبەتمەندی خۆی هەیە لە چۆنیەتی بیرکردنەوەی مرۆڤی ئەو کات، گومانی لێناکرێت لایەنی دەربڕین لە شێوەی گشتی ئەم پەیکەرە پەیوەست بووە بە خزمەتکردنی ئەفسانەباوەکانی ئەو کاتی سومەریەکان، وەک فاکتەرێکی پالنەر کە زاڵ بووە بە سەر بیرو فکری تاکی کۆمەڵگا، کە وای لە مرۆڤەکان دەکرد بە هەموو شێوەیەک ملکەچیبن

لەم کارە هونەریەدا کەسایەتیەکی نووسەر بە دوو لایەن بەرجەستەکراوە، یەکەمیان لایەنی ماددییە، دووەمیان لایەنی ڕۆحییە، لە هەردوو لایەندا لە شێوە هونەریەکەی تایبەتمەندییەکانی مرۆڤیان بە شێوەیەکی ئەفسانەیی دەرخستووە، لەگەڵ ئەو ڕەگەزانەی کە مامەڵە لەگەڵ هونەری پەیکەرسازیدا دەکەن، بە مەبەستی تیشک خستنە سەر جیاوازی نێوان مرۆڤی ئاسایی و مرۆڤ بە نوێنەرایەتی کارەکتەرە ئەفسانەییەکان، لەم کارەدا تیشک خراوەتە سەر شێوازی جلوبەرگ و جولەی دەستەکان وەک هێمایەک، بۆ بە هێز کردنی لایەنی ڕوحییەکەی، هەرچەندە جەستەشی لەبارەی دەربرینەوە پێگەی خۆی هەیە لە ڕووی گوزارشت کردنی ئەم کەسایەتیە. لێرەدا هێزی هونەر لەوەدایە لایەنی ڕوحی بەرجەستە کردووە لە فۆرمێکەوە، بەڵام فۆرمێک پر لە هێز پر لە پەیام.

## بەشی چوارەم

**(4-1) ئەنجامی توێژینەوە:**

لە کۆتایدا، دواجار هەموو ئەو بابەتە تیۆریانەی کە هێنرانە سەر پالێتی گفتوگۆ ئەوەمان بۆ روون ئەکەنەوە کە کارە هونەریەکانی سۆمەری بەشوێن بیرو باوەری مرۆڤی ئەوکات دێن، بەو مانایەی هەمیشە بیرۆکەیەک بوونی هەیە پاشان لە روانگەی تیۆریەکی تایبەتەوە دەیخەنە بەر کاری هونەری. لە راستیدا ئەمەش یەکجار کارێکی ناوازەو جێگەی دەستخۆشیە. دیاریکردنی ئەنجامی توێژینەوە لەم خالانەی خوارە پێکهاتووە:-

1. زۆربەی کارەکان پشتیان بە لایەنی ڕۆشنبیری هونەرمەند بەستووە کە لە هزر سەرچاوەی گرتووە لە بوارە جێبەجێکراوەکانی بۆماوەی خۆی کە لە هەندێک نەریتی ئایینیدا پراکتیزە دەکرێت.
2. سۆمەریەکان جەختیان لەسەر ئەو خەزێنە هزریانەی کردەوە کە ناوەڕۆکی کارە هونەرییەکان خاوەنیەتی، بۆ بەدەستهێنانی زمانێکی دیاریکراو، کە توانا و بەهایەکی بەرز دەداتە کاری هونەری لە پێکهانی شێوەی کارەکاندا، بە پاڵپشتی شێوە ئەفسانەییەکان.
3. لە کارە هونەرییەکان لایەنی ڕۆحییان بەکارهێناوە وەک نیشانەیەکی نەمر بە لەخۆگرتنی ڕەهەندە هزریەکان و لایەنە جوانییەکان کە لە لایەن بیروباوەڕ و نەریتی ڕێوڕەسمی ئایینی بەرجەستە کراون.
4. ئەفسانەکان بەشداریان کرد لە چالاککردنی پەیوەندی دیالێکتیکی لە کاری هونەری نێوان ئەفسانەکان و بینەر، بە جۆرێک چەمکە ئەفسانەیەکان کاری هونەری بە بینەر دەبەستێتەوە وەک توخمێکی داهاتووی ئەم هونەر.
5. سۆمەریەکان هەوڵیان داوە کارەکانیان بکەنە وێنەیەکی واقیعی، بە کۆکردنەوەی بوارەکانی ئەفسانە و سیحر لە هونەری پەیکەرسازی.

**سەرچاوەکان**

اندريه بارو. (1979) سومر فنونها وحضارتها، ترجمة وتعليق عيسى سلمان وسليم طه التكريتي، بغداد.

انطون مورتكات. (ب.ت) الفن في العراق القديم، ت: عيسى سلمان و سليم طه تكريتي، مطبعة الاديب البغدادية.

برونسلاو مالينوفسكى.( 2021) السحر والعلم والدين عند الشعوب البدائية، ترجمة: فيليب عطية، افاق للنشر والتوزيع، القاهرة.

ثروت عكاشة.(ب.ت) الفن العراقي القديم -سومر وبابل وأشور، مطبعة فينيقيا، بيروت.

ثروت عكاشة.( 1993). فن النحت في مصر القديمة وبلاد ما بين النهرين، الدار المصرية اللبنانية ، القاهرة.

جميل صليبا.( 1977) المعجم الفلسفي، الهيئة العامة لشؤون المطابع الأميرية، القاهرة.

خياط، يوسف.(ب.ت) معجم المصطلحات العلمية والفنية، دار لسان العرب ، بيروت.

ريا محسن عبدالرزاق الحاج يونس.( 1998) فجر حضارة السومرية في ضوء اختام العصر، اطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة بغداد ، كلية الاداب، قسم الاثار ، بغداد.

زهير صاحب و حميد نفل.(2010) تاريخ الفن فى بلاد الرافدين، دار الاصدقاء للگباعه والنشر والتوزيع، بغداد.
زهير صاحب(2009) فنون فجر الحضارة في بلاد وادي الرافدين، مجدلاوي، عمان.
عبدالكريم بكار.( 2015) هەنگاوێک بەرەو بیرکردنەوەی دروست، وەرگێرانی: بەهجەت جەمیل حامد، ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا، سلێمانی.
ماضي حسين.( 2020) الفن والجدلية التلقي، دار الفتح للطباعة والنشر، بغداد.
محمد علي.( 2016) حضارة بلاد الرافدين، مكتبة جزيرة الورد، قاهرة.
يوسف الحوراني.(1978) البنية الذهنية الحضارية في الشرق المتوسط الاسيوي القديم ، دار النهار للنشر ، بيروت .
Amiet, (1961 ) P.La Glyptique Mesopotamien archaique. Editions du CNRS, Paris,.
Ariane Thomas and Timothy Potts. (2020). Mesopotamia Civilization Begins. Getty Publications,

# INTELLECTUAL DIMENSIONS IN THE STRUCTURE OF SUMERIAN ACULPTURE

SAMI ISMAIL MUSTAFA, HAIFA AHMED MOHAMED* and MOULD IBRAHIM HASSAN**
*Dept. of Plastic Arts, College of Fine Arts, Salahaddin University, Kurdistan Region-Iraq
** Dept. of Kurdish Language, College of Languages, Salahaddin University, Kurdistan Region-Iraq

## ABSTRACT

**This paper entitled (Intellectual Dimensions in the Structure of Sumerian Sculpture) deals with the nature and scale of the cultural achievements and artistic works of Mesopotamian people during the Sumerian period, in a way that reflects their spirituality, morals, social and cultural abilities. This paper focuses on how Sumerian people thought, which is considered one of the most important factors in the formation of art in Mesopotamia.**

**This study consists of four main parts. The first part consists of the research problem defined by the question (What was the influence of Sumerian thinking on sculpture? Did it form artistic structures and characteristics?) and the importance and objectives of the research (Displaying the intellectual dimensions of Sumerian man about the structure of sculptural art). The second part is about the theoretical framework, including two sections, the first section is the characteristics of intellect in Mesopotamian civilization. The second section is the discourse of sculptural art in Mesopotamian civilization. The third part deals with the research methods and research objectives, including three examples. Section Four is dedicated to research results.**

***KEYWORDS***: Intellect, Formation, Sculptural Art, Sumerian Civilization